# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان

هەژێن

### بەشی یەکەم

> ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین ٮاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە ەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دایگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین. سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتوارپی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووبندا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

خوێنەرانی هێژا، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، نۆژەنکردنەوەی وەڵامی پرسیارەگەلێکی جۆراوجۆر و ناهاوکاتی کۆمەڵێ ، هاوڕێ و خوێنەری وێبلاگەکەمە، کە لەبەر نەبوونی کاتی پێویست و گونجاو هەندێکیان بە کەمی و کورتی لە کاتی خۆیاندا وەڵامم داونەتەوە، بۆیە بەباشمزانی لە هەلێکدا کاتێك بۆ تیروتەسەل وەڵامدانەوەیان تەرخانبکەم. ئاراستەکردنی ئەم پرسیارانە، لە ـێوەی پەیوەندی دوولایەنـ  تەنانەت هەندێکیان لە شێوەی سەرنجی نەناسراو لە سەر بابەتەکانی نێو وێبلاگەکەم نووسرابوون. وەك گوتم هەرچەندە ڕاستەخۆ ـە تەلەفۆن، چات و کورتە پەیام وەڵامم بە هەندێك لە پرسیارەکان داوەتەوە، بەلام هەندێك لە هاوڕێیان و هاوەڵان لەسەر زیاتر ڕوونکردنەوە پێدادەگرن و دەخوازن وەڵامی پوخت و دیاریکراویان بدەمەوە، منیش بۆ پاشەکەوتی کات و خۆلادان لە دووبارە و چەندبارەی وەلام و سەرنج، بەباشمزانی لەم شێوە نووسینەدا وەڵامبدەمەوە. هیوادارم هەر ئازیزێك کە سەرنج و ڕەخنەی هەیە، بیکاتە نووسینێك، تاوە ـو سوودی هەمەلایەنەی بۆ من و بۆ خوێنەرانیش هەبێت، چونکە گفتوگۆی دوولایەنە و داخراو، هیچ کاراییەکی نانێت.

سەرەتا و بەر لە هەر شتێك بەپێویستیدەزانم، بۆ خوێنەرانی ڕۆشنبکەمەوە، کە ئەو وەڵامانەی لێرەدا دەیانخوێننەوە، تەنیا بیروبۆچوونی منن بۆ دەوروبە ـم و خوێندنەوەی ئەنا ـیزم لە تێڕوانینی منەوە دەخەنەڕوو، نوێنەرایەتی بۆچوونی گروپێکی یاریکراو ناکەن و ناشتوانم بڵێم ئەمە بیری ئەنارکیستییە، بەڵکو تەنیا تێگەیشتنی منە لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی [ئەنارکی]، کە بە بۆچوونی من ئەو خەونانە تەنیا لە هزری ئەنارکیدا توانراوە زیندوویەتی و مرۆییبوونیان پارێزراو و کارا بمێنێتەوە. ـەروەها هیچ شتێك براوە و بێچەندوچوون نییە و ڕاستیش شتێکی ڕێژەییە و ئەوەی ئەمڕۆ بڕوام پێیەتی و پێداگریی لەسەر دەکەم، دەکرێت سبەینێ دژایەتی سەرسەختی بکەم و بەنادروستی بزانم، بەڵام لەم ساتەدا تەنیا هزرێك کە توانیبێتی دەربڕی ئازادی و سەربەخۆیی تاك و کراوەیی و ناچینایەتی کۆمەڵگە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە فراوانی خەونە مێژووییەکانی مرۆڤ بێت، لای من ئەنارکیزمە بە هەموو ـەردەم و لکەکانییەوە. ـەمە بۆچوونی ـەم ساتەی منـ، ئەم بۆچوونەشم بەرهەمی خوێندنەوەی پەرتووك و پابەندیم بۆ فێرگەیەکی هزری نییە، بەڵکو بەرهەمی خەباتی کردەییمە لـ ماوەی سی (٣٠) ساڵی ڕابوردوودا؛ هیچ شتێك لە سەدا سەد دروست نییە و هیچ شتێکیش لە سەرووی ڕەخنەوە نییە و ژنان بەبێ ڕەخنە بۆنی و بەرامەی گۆمێکی لیخنی لێدێت.

تێبینی ئەم وەڵامانە بۆ چەند ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێنەوە، بەتایبەت سەردەمی بلاگەکانی "کوردپلانێت" و "دواتر کوردبلۆگەر"، کە بەداخەوە بە فەوتانی ئەرشیڤی بابەتەکانم لەو دوو بلاگەرەدا، زۆرێك لەو بابەتانەی کە سەرنجەکانیان لەسەر نووسرابوون، فەوتان. هەروەها سێ ساڵ دەبێت، کە ئەم وەڵامانەم ئامادەی بڵاوکردنەوە کردوون، بەڵام بەداخەوە لەبەر ڕووداو و ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ڕابوردوو و پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەرقاڵییەکان زۆر بوون و بواری ئاوڕلێدانەوەیانم نەمابوو، تا ئەم ڕۆژانە

بڕیاری کەمکردنەوەی بەشداری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دوورکەوتنەوەیەکی کاتیم دا، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کاری تەواونەکراو، تەواوبکەم و قورساییان لەسەر هۆش و بیرکردنەوەم لادەم.

## پرسیار : ئایا ئەنارکیزم و ئەنارشیزم، دوو شتی جیاوازن، جیاوازیان چییە؟

نەخێر، هەر یەك شتن، لە هەندێك لە زمانە ئۆروپییەکاندا بە ئەنارکیزم، ئەنارکیسمۆ و لە هەندێکی دیکەدا بە ئانارشیزم ... تد، دەخوێندرێتەوە، ڕیشەی واژەکە بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و بە واتای ناسەروەری؛ (فەرمانڕەوایی سەروەری ، archy) +(دژ، ڕەتگەرەوە، an) هزری ئەنارکی هەر لە بەرەبە نی ململانێی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە دژی هەموو ،دەسەڵاتێکی سەرووخەڵکی یا سەروەری چێنایەتی بووە ؛ هەیە و خوازیاری کۆمەڵگەی هەرەوەزیی ئازاد و فیدراتیڤە (پێکهاتوو و یەککرتوو لەسەر بنەمای فیدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنی ئەنارکی).

## پرسیار : داهێنەری بیری ئەنارشیزمی کێیە؟

تا پێویستە بڵێم، دەربڕینی "بیری ئەنارشیزمی" هەڵەیە و بیری ئەنارکیستی یا ئەنارشیستی دروستە. بەداخەوە لە زمانی کوردیدا ئەم هەڵانە زۆر ڕوودەدەن. کاتێك کە لە چەمکێکی هزری یا فیلۆسۆفی یا زانستی دەدوێین، ئەوا پێویستی پاشگری (ئیزم یا ئیسم) دێتە پێشەوە، بەڵام کاتێك کە لە بارەی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی یا ڕامیاریی هەڵگری هرزێکی ڕامیاریی یا فیلۆسۆفی دەدوێین، ئەوا پاشگرەکە دەگۆڕێت و دەبێت (ئیست)، کە نیشانەی پەیڕەوی گروپێك یا کەسێك یا بزاڤێکە لەو هزرە.

ئەنارکیزم وەك دیارە بۆ ناوی کەس ناگەڕێتەوە و کەس خاوەن و داهێنەری نییە و لە مێژوودا کەسێك بەناوی (ئەنارکی/ ئەنارکیزم) بوونی نییە، بیرێکی ئازادیخوازانەی خۆڕسکە ; هەر لە دێرزەمانەوە هەبووە و لەبەرئەوەی ئەم هزرە ڕەتگەرەوەی ئۆتوریتە [دەسەڵات و سەروەریی]ە هیچ کات هەڵگرانی بواری ئەوەیان نەداوە پەیامبەرانێك قوتببنەوە و بیکەنە داهێنراوی خۆیان. بەڵام ئەمە ڕەتگەرەوەی ئەوە نییە، کە ئەم هزرە لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا دەیان و سەدان ئەندێشمەندی دیار و نادیاری پەروەراندووە و توانیویانە بە ڕەخنە و شیکارییەکانیان پەرچەمی ئازادیخوازی ئەم ڕەوتە شەکاوە ڕابگرن. لە یەک واژەدا ئەنارکیزم ئایدیۆلۆجیا نییە، بەڵکو میتۆدلۆجییە، واتە شێوازی بیرکردنەوەیە، نەک قالبی بیرکردنەوە. بۆ ناسین و زانیاری زیاتر لەمەڕ بیریارانی ئەنارکیست، سەرچاوەی ئینتەرنێتی زۆرن، لەوانە ئەرشیڤی نووسەرانی ئەنارکیست [http://theanarchistlibrary.org/authors](http://theanarchistlibrary.org/authors) ، شێوازی خەباتی ئەنارکیستی [http://shawnewald.info/aia](http://shawnewald.info/aia) ، پرسیارە بەردەوامکراوەکان لەمەڕ ئەنارکیزم [http://anarchism.pageabode.com/afaq/index.html](http://anarchism.pageabode.com/afaq/index.html)

## پرسیار: کامە ڕەوت لە ئەنارکیزم دروستە و کامە لادەرە؟

لەبەرئەوەی کە ئەنارکیزم شێوازی هزرە/ شێوازی هزرینە نەك ئایدیۆلۆجیا، ئەوا فرە ڕەهەند و فرە باڵە و هیچ پەیامبەرێکی نییە، تاوەکو هەڵگرانی بگەڕێنەوە سەر قسە و کردارەکانی ئەو و کەتواری سەردەمەکان بەو پێوەرە بپێون. هەروەها لەبەرئەوەی ئەم هزرە وەك فیلۆسۆفی ژیان گەشەیکردووە، بۆیە لەتەك پەرەسەندن و گەشەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە وەك پێویستییەك لك و پۆپی لێبووەتەوە. لە هزری ئەنارکیدا لادەر و بنەوان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەم هزرە چەند سەرخەت و بنەمایەکی لێکهەڵپێکراوی هەیە و ئەوانەش پێوانەی پابەندین بەم هزرەوەن؛ لەوانە ڕەتکردنەوەی سەروەریی چینایەتی [بەهەموو شێوەکانییەوە]، ڕەتکردنەوەی دارایی تایبەت و دەوڵەتی، ڕەتکردنەوەی کاری کرێگرتە و ڕەتکردنەوەی هەڵاواردن و ڕەتکردنەوەی ستەم بە هەموو شێوەکانیانییەوە.

## پرسیار: ئەنارشیستەکان بۆچ تەنیا دژی دەوڵەتن، ئایا بە لابردنی دەوڵەت کۆتایی بە کۆمەڵگەی چینایەتی دێت؟

بەپێچەوانەوە ئەنارکیستەکان تەنیا دژی دەوڵەت نین، بەڵکو دژی هەموو سەروەرییەکی مرۆڤن بەسەر مرۆڤەوە، ئیدی ئەو

سەروەرییە ئابووریی و ڕامیاریی بێت یا کۆمەڵایەتی و کولتووریی و دەزگەیی یا خێزانی بێت. ئەنارکیستەکان ئەوەیان لەلا ڕۆشنە کە نایەکسانی ئابووریی، نایەکسانی دەسەڵاتیی و کۆمەڵایەتیی بەدوایدا دێت. هەر لێرەشەوە بەو سەرەنجامە گەیشتوون، کە دەوڵەت و پارت و دەزگە ڕامیاریی و ئابووریی و تەنانەت کۆمەڵایەتییە قوچکەیی (هیرارشی / هەرەمی)یەکان، ئامرازی پاراستنی ئەو نایەکسانی و سەروەرییەن و کۆیلەتی مرۆڤ ڕادەگرن، بۆیە هیچ پاساوێك بۆ پاراستن و گۆڕینی شێوەی دەسەڵات و دەزگە دەسەڵاتییە سەرووخەڵکییەکان نابینن و بوونی ئەو دەزگە و ئامرازانە نیشاندەری بوونی سەروەری هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەن و گۆڕینی ناو و شێوەی دەوڵەت و دەزگەکانی وەك لە بلۆکی بۆلشەفیکی و مائۆئیستیدا بینیمان، هیچ لە کرۆکە چینایەتییەکەی نەگۆڕی، بەڵکو لەوە واوەتر درەندەیی و بیروکراسیی گەیاندە لوتکە و ڕووی دەوڵەتە بۆرجوازییەکانی دیکەیان سپیکردەوە. بە بۆچوونی من، ئەگەر کەمێك لەو پاگەندە کرچ و کاڵانەی، کە بۆ ئەنارکییەکان لەلایەن چەپەکان و دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکانەوە دەکرێن، وردبینەوە، ئەوا بۆماندەردەکەوێت، کە ئەنارکییەکان بۆ هەر ڕەتکردنەوەیەك لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەڵتەرناتیڤی کەتواری و ئاوەزگیر پێشنیاردەکەن و بەپێچەوانەی دەسەڵاتخوازانەوە، بەڵێنی سەرخەرمان (خواردنی کولیچە لە ئاسمان) نادەن.

بەکورتی ڕەتکردنەوەی دەوڵەت، لەوێوەیە، کە وەك ئامرازی ڕاگرتن و پاراستنی پێداویستی سەروەریی چینایەتی هاتووەتە بوون و درێژەی پێدراوە. کاتێك کە ئێمە قسە لە کۆمەڵگەی ناچینایەتی بکەین، کەواتە قسەکردن لە پێداویستی دەوڵەت دەبێتە پارادۆکس بۆ پاگەندەکانمان. چونکە ناتوانین ئامرازێك یا پێکهاتەیەك کە بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی چینایەتی [خاوەندارێتی تایبەت و کاری کرێگرتە و سەرکوت و هەڵاواردن] هاتبێتە بوون و سەریهەڵدابێت، ئێمە بێین و پاگەندەی ئەوە بکەین، کە بە پاراستن و بەدەستەگرتنی ئەو ئامراز و پێکهاتەیە، پارێزگاری لە کۆمەڵگەی ناچینایەتی دەکەن و پەرەپێدەدەین. وەك بیریارانی ئەنارکی دەڵێن "وەك چۆن هەموو ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ بۆ کار و چالاکی یا وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکی دیاریکراو هاتووەتە بوون، هەر ئاواش هەموو دەزگەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ڕامیاریی بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکی دیاریکراو سەریهەڵداوە؛ هەروا کە ناتوانین بە چاو ببیستین و بە گوێ بۆن بکەین و بە دەست ببینین و بە سەر بەڕێگەدا بڕۆین، هەر ئاواش دەوڵەت، کە ئۆرگانی ڕاگرتنی کۆمەڵگەی چینایەتییە، ناتوانین بۆ ڕاگرتن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی ناچینایەتی بەکاربەرین.". بەم جۆرە ڕەتکردنەوەی ت لە گۆشەنیگای ڕەتکردنەوەی سەروەری چینایەتییەوە، نەك ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی لە ڕەتکردنەوەی دەوڵەتەوە. ئەوە تەنیا پاگەندەی باڵە دەسەڵاتخوازەکانی نێو بزاڤی سۆشیالیستییە، کە بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی هزری ئەنارکی، پێیهەڵدەستن، چونکە ئایدیا ئەنارکییەکان، خەونی دەسەڵاتخوازیی و بەهەشتە دەوڵەتییەکەی ئەوان پوچەڵدەکەنەوە. وانە دەخوازن بەختی دەسەڵاتدارییان لە دروستکردنی پارت و ڕێکخراوە قوچکەییەکان (هیرارشییەکان) و دەوڵەتی بەناو کرێکاری و سۆشیالیستیدا بەدەستبهێننەوە و جێگەی دەسەڵاتدارانی ئێستا بگرنەوە. لەو بارەوە مێژوو گەواهی لەسەر ڕۆڵی پارت و سەرکردەکانی و دەوڵەتەکانی بلۆکی ڕوسی و چینی و کوبایی داوە، مشتومڕکردن لەو بارەوە، تەنیا خۆخەریکردن و کات بەفیڕۆدان و سەرقاڵکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستییە بە خەونی زیندووبوونەوەی مردووان.

**پرسیار: ئانارکیستەکان، دژایەتی حزبیەت دەکەن، ئایا ئەلتەرناتیڤیان بۆی هەیە؟**

بەڵێ، زۆر بە دیاریکراوی و ڕاشکاوانە و زۆر بە ئاشکرا دژایەتی پارتایەتی و خۆبەڕابەرکردن و خەڵك بە گێلزانین و نەخشەکێشان بۆ داهاتوو دەکەن. چونکە لای ئەنارکییەکان هەموو مرۆڤێك توانای بیرکردنەوە و بڕیاردان و جبەجێکردنی هەیە و ئەگەر تا ئێستا بەم شێوەیە نەبووبێت، ئەوا لەبەر بێتوانایی مرۆڤەکان نەبووە، بەڵکو لەبەر چەپاندن و لاوازکردنی متمانەی تاکەکان بەخۆیان و لەنێوبردنی تواناکانیان بووە، بەهۆی فەبەکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و چەند تاکەکەس و دەستەبژێرێکەوە بووە.

دەزگەیەکی قوچکەیی چینایەتییە، کە لەسەر بنەمای فەرماندان و سەروەری کەمایەتییەکی نووسینگەی ڕامیاریی و کۆمیتەی نێوەند و فەرمانبەری و ملکەچی زۆرینەی ئەندامانی خوارەوە دامەزراوە، دەقاودەق وێنەگرتنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتییە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیا. تاکی ئازادیخواز کە سیستەمی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە، بەتەنیا لەبەر نەبوونی و بێکاری و کانی دیکەی سەرمایەداری نییە، بەڵکو لەپێش هەموویانەوە لەبەر بوونی سەروەری هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدایە و لە ملکەچی بۆ کەسانی دیکە یاخیدەبێت، بۆیە کەسی ئازادیخواز توانای ملدان بە پارتایەتی نییە و هەردەم وەك گیانێکی یاخی لە

ژانەیدا خەریکی شکاندن و دەرچوونە لە قاوخە سەروەرییەکان. لەوانە خێزانی هیرارشییانە (چ بابسالار و چ داکسالار)، رت و دەوڵەت ەم سێ پێکهاتەیە لەسەر بنەمای پەیوەندی سەروەری خودا و کۆیلەتی مرۆڤ دامەزراون و ئامانج لە دروستکردنیان تەنیا ڕاگرتنی زۆرینەیە لەژێر چەکمەی کەمایەتی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوادا.

ەگەر لەمەش بگوزەرێین، ئەوا تەنیا خوێندنەوەی مێژووی قۆناخی سەرمایەداری بەسە. بۆ ئەوەی لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی پارت و دەستکەوتەکانی پارت و داهاتوویەك، کە پارت بەدواوەیەتی تێبگەین. ئەگەر سەرنجبدەین، ئەوا بەڕوونی دەبینین، هەموو هەوڵی پارتەکان لە ڕامیاریکردنی گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کورندەبێتەوە. کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە سروشتییەکانی مرۆڤ و داڕشتنەوەیان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی و ڕامیاری. کە دەکاتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەسەر یاسا ڕامیارییەکان (یاسا ناسروشتییەکان). ە لە یاسا سروشتییەکاندا مرۆڤ و دەوروبەری لە تەباییدا دەبن و بوارێك ۆ بەرتەری نابێت. بەڵام بەپێچەوانەوە لە یاسا ڕامیارییەکان (دەستکردەکان)دا هەموو تواناکان بۆ گەوجاندنی تاکە داماڵڕاوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵات و سپاردنی کاروبارەکان و سەروەری بە دەستەبژێر(نخبە)ێك دەخرێنەگەڕ. ئا لێرەدا پێویستی پێکهاتەی قوچکەییانەی (هیرارشیانەی) پارت وەك دەزگەیەکی چینایەتی دەردەکەوێت. ئەوەش لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئایدیالیستی (پێشمەرجبوونی خوا، ژیری، تیئۆری)، کە کردە دەکاتە پابەندی بوونی تیئۆری و ئەمەش هاوکێشەیەکی ئاوەژووە، چونکە پێشکەوتنی مرۆڤ و دەستکەوتەکانی ئەوە دەسەلمێنن، کە ژیری و تیۆری بەرهەمی ئەزموونگەری مرۆڤن و بەبێ کردە، مرۆڤ قەد نەیدەتوانی بە ئاستی ژیری و ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی ئێستای بگات!

هەڵبەتە لە خۆڕا نییە، کە پارت لەسەر بنەمایەکی ئاوا پێکهاتووە و خۆی ڕێکخستووە، چونکە وەك کوپییەکی کۆمەڵگەی چینایەتی ئامانجی هێشتنەوە و دەستاوەستپێکردنی سەروەرییە. لەبەرئەوە پارت هیچ کات ناتوانێت پشت بە بنەمای لەپێشبوونی کردە ببەستێت، چونکە دەبێتە ڕەتگەرەوەی خۆی. بە ەکی دیکە ئەگەر پارت باوەڕی بەوە هەبێت، کە تیئۆری بەرهەم و بەرەنجامی کردەیە و بە کەڵەکەبوونی ئەزموونگێری کردەکانی خودی مرۆڤ بەو ئاستە لە هوشیاری دەگات، کەواتە بوونی خۆی ڕەتدەکاتەوە، چونکە خاڵی دروستبوونی (دەستپێکردنی) لە چاو خاڵی کۆتایی دەبێتە نزمترین ئاست لە ژیری. لەبەرئەوە، بەپێی لۆجیکی گەشە و ئەزموونگێری، ئەوا ئەو سەرەنجامە دروستە، چونکە لەو خاڵەدا پارت بەتەمنتر و کۆنترە، هوشیاریی تاك وەك بەرەنجامی ئەزموونگێری لە ئاستێکی باڵاتردایە، هەر بۆیە تاوەکو پارت بەتەمەنتر بێت، جیابوونەوە، سەرهەڵدانی ناکۆکی و سەرکوت تێدا زیاتر دەبێت، ئەمەش بەشێکە لە سروشتی پارت و سروشتیترین کاردانەوەی سەراز پارتە بەڕووی لادەران و سەرپێچی ،راندا. لەبەرئەوەی کە لا و سەرپێچیگەران بەپێی ڕەوتی گەشە و ئەزموونگێری و باڵاکردنی ژیری و ـیاربوونەوە، دەبنە ڕەتگەرەوەی خاڵی سەرەتا و پارت و سەرانیشی وەك هەر پێکهاتەیەکی قوچکەیی (هیرارشی) پێکهاتوو لەسەر بنەمای پەیوەندی خودا و کۆیلە، ناچار بۆ مانەوە و پاراستنی سەروەرییان، دەکەونە سەرکوت و تۆمەتبارکردنی لادەران. ئەمە لەنێو خێزانی دەسەڵاتگەرایانە و دەوڵەتیشدا هەر ئاوایە و بەهەمان لۆجیك بەڕێوەدەچن. ئا لێرەوە ئەنارکیستەکان دژایەتی پارت دەکەن و بە پێکهاتەیەکی کۆنەپارێز و دژە-شۆڕشی دەزانن و واوەتر لەوە، من بە پەرەستگەی دەزانم، کە تێیدا ئەندامانی وەك مەزهەبییەکان، پەیڕەوی لە ژیری و فەرمانداری دەستەبژێرێکی ڕامیار دەکەن.

**پرسیار : ئەنارشیستەکان دژایەتی ڕابەری مارکسیستەکان دەکەن، ئایا بەخۆیان ئەم کارە ناکەن؟**

نەخێر و هیچ کات. چونکە واتای ڕابەری ئەگەر سادە بکەینەوە، ئەوا دەکاتە شوانەیی. شوانەیی یا ڕابەری تەنیا لە بیر و ئایدیایەکدا جێگەی ،ەبێتەوە، کە اکەکان بەسەر (زانا و نەزان)، (ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر)، (بەتوانا و بێتوانا)، (ژیر و ناژیر)دا دستەبەندیدەکات و ەمو ئەو دەستەبەندییانەش تەنیا بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی سەروەری هێندێکە بەسەر هێندێکی دیکەدا. ئیدی لە ژێر ناوی پەیامبەردا بێت یا لەژێر ناوی ڕابەر و فیلۆسۆف و ڕامیارەکارەکاندا بێت. ئەو بەرتەرییدانە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییانە. لە منداڵدانی هەمان سیستەمی چینایەتیدا لەدایکبوون و سەریشیان لە پاراستنی هەمان سیستەمەوە دەردەچێت.

ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین و وردتر سەرنج دەین، ئەو ڕابەرایەتییەی کە مارکسیستەکان پاگەندەی دەکەن، ڕیشەی بۆ ئەو

بۆچوونانە دەگەڕێتەوە، کە پێیا نوایە هوشیاری چینایەتی لە دەرەوەی مەیدانەکانی کار و خەباتی چینایەتیدا سەرهەڵدەدا و بەرهەمی ژیری دەستەبژێرێکە و دەبێت لەتەك خەباتی خۆبەخۆیی ئابووریی چەوساواندا موتوربەبکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش ڕابەریکردنی مارکسیستەکان دەکەنە پێشمەرجی سەرکەوتنی شۆڕش. ا ئەم تیڕوانینە هیچ جیاوازی لەتەك ئەو تێڕوانینەی یستەکان هەیە، کە پێیانوایە ئاوەز و هوشیاری لە خواوەن و بۆ ئەوەی کۆیلەکانی خوا لێیان بەهرەمەندبن، پێویستە پێخەمبەران و پیاوانی پەرەستگەکان ببنە ڕابەریان و ئامۆژگاریان بکەن و لە خراپە و نەزانی بیانگێڕنەوە؟!

م ئەگەر سەرنجی وردی ئەزموونەکانی ژیان بدەین، دەبینین هیچ کەس هێندەی پۆشاکدوورێك لە دوورین و هیچ کەس هێندەی میکانیکێك لە چاکردنەوەی ئامێرەکان و هیچ کەس هێندەی جوتیارێك لە چاندن و وەرز و ئافاتەکانی کشتوکاڵ نازانێت؛ تەنانەت تیئۆریسیۆنەکانی ئەو بوارەش، ئەو شارەزاییەیان نییە. ەروەك چۆن هیچ کەسمان هێندەی بۆرجوازێك لە چۆنیەتی چەوسانەوە و فریودانی بەرهەمهێنەران نازانین. هەر بەو پێیەش ئاوەز و لۆجێك پەسەندیناکات، کە هوشیاری چینایەتی کرێکاران و جوتیاران و .. تد لە دەرەوەی خودی خۆیان و لە نێوەندیی ئەکادێمی و ڕامیارییەوە سەرهەڵبدات.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەیە، کە ئەنارکییەکان خۆیان بە دەستە و گروپی پاگەندە و پراکتیزەگەری وانە ئەزموونییەکان ناودەبەن و لە جیاتی دروستکردنی ڕێکخراوەی قوچکەیی (هیرارشی) و ڕامیاریی و سکتاریزمی دەستەبژێرانە (نخبوي) ؛ فەرماندان بە ئەندامان و کرێکاران و زەحمەتکیشان بۆ خەبات و شۆڕش، بەخۆیان هەڵدەستن بە ئەزموونکردن و بەکولتوورکردنی کێڵگەی هەرەزەویی و ژیانی کۆمونەیی و هاریکاری کۆمەڵایەتی و ئاڵوویری بەرامبەرانەی زانیاریی و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بەبێ بەکاربردنی دراو و یاسا سەروەرییەکانی خاوەندارێتی تایبەتی و کاریکرێگرتە و سەروەریی لایەنێك.

درێژەی هەیە ...

********************

www.hezheen.tk